# سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران

## پەيڕەوی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٩
## پەيــڕەوی كاری دڵنيايی جۆريی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان

لە بەر رۆشنايی بڕگەی ٣ لە ماددەی هەشتەم لە ياسای ئەنجومەنی وەزيران ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٢، وە پشت بەست بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕيارماندا بە دەركردنی پەيڕەوی كاری دڵنيايی جۆريی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەم شێوەيەی خوارەوە :

### پێناسەی دڵنيايی جۆريی

**ماددەی يەكەم:**

مەبەست لە (دڵنيايی جۆريی) بۆ مەبەستەكانی ئەم پەيڕەوە، ئەو وەزيفە يە كە لە ناو وەزارەتێكدا دەخرێتە كار بۆ دڵنيايی كردنی ئەنجومەنی وەزيران و وەزير و بەڕێوەبەرە باڵاكان كە بەڕێوەبردن، بەڕێوەبردنی مەترسی، پرۆسەكان، پرۆژەكان و پێشكەش كردنی خزمەتگوزاريەكان لە وەزارەتدا ئابووری و كارا وكاريگەرن و بەگوێرەی جۆری پێويست و لەكاتی گونجاوی خۆيدا جێبەجێ دەكرێن، وە هەروەها بە مەبەستی پێشكەش كردنی ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی گونجاو بۆ دەست نيشان كردنی خاڵە لاوازەكان و چارەسەركردنيان، ياخود هاندانی چاكسازييەكان.

### دامەزراندنی بەڕێوەبەرايەتيی دڵنيايی جۆريی لە وەزارەتەكان و رۆڵيان

**ماددەی دووەم:**

١. دامەزراندنی (بەڕێوەبەرايەتيی دڵنيايی جۆريی) بە ئاستی (بەڕێوەبەرايەتی) لە ديوانی وەزارەتەكان و ئەو دامەزراوانەی بە پلەی وەزارەت دێن، بە سەرپەرشتی ئەو (ڕاوێژكار وبەڕێوەبەرە گشتی وشارەزا)يانەی كە سەركەوتووانە مەشقی تيۆری وپراكتيكيان ئەنجامداوە بە پشتيوانی (قوتابخانەی نەتەوەيی حكومەت) (National School of Government)، سەرەڕای ئەرك وبەرپرسيارێتيەكانی ئێستای خۆيان.
٢. وەزير بەرپرسيار دەبێت لە دانانی بەڕێوەبەری دڵنيايی جۆريی لە وەزارەتدا بە رەچاوكردنی ئەحكامەكانی ئەم پەيڕەوە.
٣. (بەڕێوەبەرايەتيی دڵنيايی جۆريی) ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە وەزير، وە ڕاپۆرتەكانی پێشكەش بە وەزير دەكرێت بە شێوەی وەرزی واتە بەلايەنی كەم چوار جار لە ساڵێكدا ، وە دەكرێت ژمارەی ڕاپۆرتەكان زياتر بێت ئەگەر هاتوو وەزير داوای كرد .
٤. وەزير و سەرپەرشتياری دڵنيايی جۆريی بە شێوەيەكی فەرمی ڕێك دەكەون لەسەر سنووری دەسەڵات و ئەركەكان (Terms of Reference) بۆ دڵنيايی جۆريی، و پێويستە بە لايەنی كەمەوە ئەمانە لە خۆ بگرێت:

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

أ- پێدانی مافی تەواو بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان و دۆسیەی کارمەندان، ئەوەندەی پێویستە بۆ راییکردنی کاری دڵنیایی جۆریی.
ب-دیاریکردنی سنووری تەواوی کاری دڵنیایی جۆریی لەگەڵ بواری پێداچوونەوە بەپێ ی گرنگی و ئەولەویەتی بوارەکە بۆ ئەرک وچالاکییەکانی وەزارەت.
ج- پێدانی دەسەڵاتی پێویست بۆ جێ بە جێ کردنی کارەکان لە چوارچێوەی وەزارەتدا.
د- ئەو ستاندەردانەی کە کاری لەسەر دەکرێت .
هـ- شێوەی ئەو جێ بە جێ کردنەی کە وەزیر پێشبینی دەکات.

**ماددەی سێ یەم:**

١.چاوپێداخشاندنەوەکانی دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتدا، دەبێت ئەو ئەرك وچالاکیانەش لە خۆ بگرێت کە دەکەوێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی ئێستای کاری سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی (ئەگەر هاتوو هەڵسان بە کارەکانی خۆیان سەرەڕای ئەرکی دڵنیایی جۆریی).
٢.بۆ ڕاستی ودابینکردنی بێلایەنی لە کاری دڵنیایی جۆریی بۆ ئەو چالاکی وئەرکانەی کە سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی خۆی بەرپرسە لێیان ، پێویستە وەزیر داوا لە لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی بکات بۆ ئەنجامدانی پڕۆگرامێك بۆ پێداچوونەوەی دەرەکی لەلایەن تیمێکی دەرەوەی وەزارەت.

**ماددەی چوارەم:**

سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی ئەم ئەرکە سەرەکییانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات سەرەڕای ئەرك وبەرپرسیارێتی ئێستای خۆیان :

أ- پەیوەندیکردن بە وەزیر و لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
ب- ڕێکەوتن لەسەر سنووری دەسەڵات (Terms of Reference) لەگەڵ وەزیردا .
ج- پلاندانان بۆ پڕۆگرامی کاری دڵنیایی جۆریی .
د- دیـــاریکـــردنی کـــارەکـــانی دڵنیایی جۆریی ودابەشکـردنی بەسەر فەرمـــانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا .
هـ- دروستکردنی ژینگەیەك لە ناو وەزارەتدا تا دڵنیایی جۆریی گەشە بکات .
و- دڵنیابوون لەوەی کە فەرمانبەرانی دڵنیایی جۆریی مەشقی تەواویان وەرگرتووە و کارامەیی و زانیاری تەواویان هەیە بۆ جێبەجێکردنی کاری پێداچوونەوەکان .
ز- ڕێکەوتن لەسەر ڕێگاکان و ستانداردەکانی کارکردن .
ح- پەسەندکردنی پلانی پێداچوونەوە .
گ- دڵنیابوون لە جۆری کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی .
ی- پێداچونەوەی بەڵگەکان و دۆزینەوەکان ودەرئەنجام و ڕاسپاردەکان .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ك– دڵنیابوون لەوەی راپۆرتی دڵنیایی جۆریی تێر وتەسەلە .

**ماددەی پێنجەم:**

سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی دراسەیەكی پێویست ئەنجام دەدات سەبارەت بەو فەرمانگە و بەشانەی لەناو دیوانی وەزارەتدا كارەكانیان یان بەشێكی كارەكانیان بە جۆرێك لە جۆرەكان پەیوەندیدارە بە كاری دڵنیایی جۆرییەوە یەوە و دواتر راسپاردەی پێویستی خۆی بەرزدەكاتەوە بۆ وەزیر بەمەبەستی یەكخستنی كاری دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتەكاندا.

**ماددەی شەشەم:**

دەبێت وەزیر (هۆكاری یاسایی) بخاتە بەردەست (لیژنەی دڵنیایی جۆریی لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران) پێش ئەنجامدانی لەسەر كارلابردنی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی دڵنیایی جۆریی یان سزادانیان.

**ماددەی حەوتەم:**

١. بەڕێوەبەرایـەتی دڵنیـایی جـۆریی لـە (٣–٦) فەرمانبـەر پێكـدێت (لـە ناویانـدا بەڕێوەبـەری دڵنیایی جۆریی)، و ژمارەی فەرمانبەرەكان دەبێت لەلایەن وەزیرەوە بڕیاری لەسـەر بدرێت، لەدوای پێشنیاركردنیان لە لایەن سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆرییەوە.
٢. لیژنـەی بـاڵای دڵنیـایی جـۆریی دەبێـت ئـەو ڕێنماییانـە بخاتـە بەردەسـت وەزیـر لەسـەر ئـەو پێوەرانـەی كـە پێویسـتە رەچـاوبكرێن لـە كـاتی بڕیاردانیـان بـۆ دیـاریكردنی فەرمانبـەرانی بەڕێوەبەرایەتیەكە.

**ماددەی هەشتەم:**

هەموو فەرمانبەرانی دڵنیایی جۆریی دەبێت لە ماوەیەكی دیاریكراودا بگەنە ئاستی ستاندارد و بڕوانامەی دڵنیایی جۆریی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەدەستبهێنن .

## لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆكایەتی ئە نجومەنی وەزیران

**ماددەی نۆیەم:**

١. بە بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران (لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران) پێكدەهێنرێت، كە ئەركە سەرەكییەكانی بریتی دەبێت لە:
أ– گەشەپێدان و پاراستن و گەیاندنی ستانداردەكانی دڵنیایی جۆریی حكومەتی هەرێمی كوردستان.
ب– گەشەپێدان و پاراستن و گەیاندنی پەیڕەونامەی كاروباری دڵنیایی جۆریی كە فۆرمات ونەخشەی لەخۆگرتووە .
ج– بەردەستخستنی ڕێنمـــایی لـــەســـەر دانـــانی بەڕێوەبەری دڵنیـــایی جۆریی، وهەڵسەنگاندنی بەڵگەی یاسایی لە حاڵەتەكانی لەسەركار لابردن و سزادانی كارمەندانی دڵنیایی جۆریی .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

د- بەردەستخستنی ڕێنماییەکان و پێوەرەکانی ستاف و دروستکردنی تیمەکانی دڵنیایی جۆریی .

ه- بەرەوپێشبردن و پاراستنی پێوەرەکانی بڕوانامەی دڵنیایی جۆریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ پاراستنی دۆسیەی تۆماری ئەو کەسانەی کە بڕوانامەکەیان بەدەستهێناوە وئەوانەش کە هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی .

و- دیاریکردنی پێویستیەکـــانی ڕاهێنـــان و گەشەپێکردنی (زانیاری وتێگەیشتنی سەرەتایی، بەرەوپێشچوونی کارامەیی بەردەوام و پراکتیکی) بۆ کۆمەڵگای دڵنیایی جۆریی و هەروەها کارکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانە بە باشترین ڕێگا .

ز- وەرگرتن و پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی وەرزی وەزارەتەکان (چوار جار لە ساڵێکدا) لە بارەی چالاکی دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتەکاندا .

ح- داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی دڵنیایی جۆریی بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی هەر وەزارەتێك و ڕاپۆرتکردنی بۆ وەزیری پەیوەندیدار لەگەڵ هەر پێشنیارێك بۆ چاکسازی و باشترکردن .

گ-پێشکەشکردنی ڕاپۆرت دووجـــار لە ساڵێکدا لەسەر ئەنجـــام و ئەدائی گشتی دڵنیایی جۆریی بۆ سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك ، دەکرێت ژمارەی ڕاپۆرتەکان زیاتر بن لە دووجار لە سالێکدا ئەگەر لە لایەن سەرۆکی حکومەت یان جێگرەکەی داوا کرا.

ی-پێشەواییکردنی پێداچوونەوەکانی تیمی هاوبەشی دڵنیایی جۆریی لەسەر خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان و هەنگاو و پرۆگرامە سەرەکییەکان .

ك- دەبێتە ناوەندێك بۆ شارەزایی و هاریکاری کردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دڵنیایی جۆریی بە پێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی شارەزاییانە .

ل- بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی پێداچوونەوەکان و ئەنجام و ئەدائی گشتی دڵنیایی جۆریی.

٢. لێژنەکە پاڵپشتی دەکرێت لەلایەن کەسێکی مەشقپێکراوی هەمیشەیی لە بواری دڵنیـــایی جۆریدا کە هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی فرمانە کردارییەکان کە لە سنووری دەسەڵاتدا ئاماژەی پێدراوە وهەروەها هەمان کەس هەڵدەسێت بە ئامادەکردنی ڕەشنوسەکان و ڕاپۆرتەکان.

**ماددەی دەیەم:**

لێژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێت بە جێ بە جێ کردنی پرۆگرامێکی چاو پیاخشاندنەوەی دەرەکی بۆ کاری تیمەکانی دڵنیایی جۆریی وەزارەتەکان بۆ ئەوەی (سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان) دڵنیا بکەنەوە

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

که بەڕێوەبەرایەتیەکانی دڵنیایی جۆریی کارەکان بە پێی ستانداردی دیاری کراو جیٚ بە جیٚ دەکەن.

**ماددەی پانزدەیەم:**

سەرجەم وەزارەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە جێبەجیٚ دەکەن .

**ماددەی دوانزەیەم:**

ئەم پەیڕەوە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجیٚ دەکرێت، و لە رۆژنــــامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**
**٢٠٠٩/٤/٧**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM